

# سێکس و هۆرمۆن

د . ئەفرام محەمەد حەسەن
★ خوێندکاری بۆردی تەندروستی دەروونی
Afram_afram @yahoo.com

● لەدێر زەمانەوە مرۆڤ لەو باوەڕەدا بووە کە تاکی بەهێز و توندوتیژ لەرووی سێکسیەوە بە تواناوگەرمترە لە تاکی لاواز، ئەم بۆچوونە هەڵەیە وای لە کۆمەلگەی عەرەبی کردبوو بۆ بوونی منداڵی بەهێز و منداڵی نێرینە رێگە بدەن خێزانەکانیان بچنە لای پیاوێکی بەهێز بۆ ماوەیەکی دیاری کراو تاکو دڵنیا دەبوون خێزانەکانیان سکیان هەیە پاشان دەیانگەڕاندنەوە بۆ لای خۆیان. لای مێینەش هەمان بۆ چوون هەیە کە ئافرەتی قەڵەو باشترە ، زۆر جار لە کۆمەلگە رۆژهەلاتیەکاندا لە کاتی هاوسەر گرتندا خۆشەویستی و لێك گەشتن و رەفتاری شیاو و کەسێتی گونجاو گەڵێ سیمای جوانی تر وەلاوە دەنرێ چەند کیلۆیەك گۆشتی زیادە دەکرێتە سەنگی مەحەك و لە بری عەقل ومەعریفەت تەنها گۆشت مارە دەکرێ، بێگومان مەبەست ئەوەنیە کە قەڵەوی نەنگی بێت بەلام لە کاتی بونی عەیبەشدا قەڵەویەکە بۆی دەشارێتەوە بۆیە پیشینان ووتویانە کیلۆیەك گۆشت هەزار عەیبە دەشارێتەوە!! لە رۆژگاری ئەمرۆشدا هۆکاری هەزار نەخۆشیە !!

ئەمەش وای کردووە هەردوو رەگەز هەوڵ بدەن بۆ خۆ قەڵەوکردن لەرێی بەکارهێنانی حەب و دەرزی ( تێستۆستیرۆن و ئەندرۆجین وئیسترۆجین و پرۆجیستیرۆن ) نرخی ئەم پێك هاتانەش بە هەموو شێوەکانیەوە لە بازارەکانی خۆماندا جێی گۆمانە) ، نێرینە بۆ گەورەکردن و بەهێزکردنی ماسولکەکانی زۆر جار پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ئەم مادانە بۆ ریکۆرد کردنی ئەنجامێکی باشتر و رازی کردنی راهێنەرەکەی وخۆ هەڵکێشان لە ناو هاورێکانیدا و مێینەش بۆ خرکردنی رووم‌ەت وگ‌ەورەکردنی ش‌ان وم‌ل و کەمەری زۆر چاك دەزانێ پیاوی رۆژهەلاتی دوای گۆرانی پورتوقالە حەز لەچی دەکات بە ئاسانی دەتوانێ لە چاوی دەستگیران وهاوسەرەکەیەوە رەوتی سێکسی ئەو بخوێنێتەوە!.( زۆر جار مێینە پەنا دەباتە بەر بە کارهێنانی حەبی دیکسۆن بۆ گەیشتن بەم مەبەستە کە ژمارەیەکی زۆر کاریگەری لابەلایی هەیە)

ئەوەی جێی داخە تاك زۆر جار لە ژێر رێنمایی دکتۆردا یان لەرێی دەرمانخانەکانی لاکۆلانەوە ئەم حەب ودەرزیانە بەکاردێنێ کە دەشێ بۆ ئەم مەبەستە بۆی بنوسرێ یان بۆ نەخۆشیەکی تر کە پێویستی بەم چارەسەرەیە .

لێرە ناکرێ باسی سەرجەم زیانەکانی ئەم پێك هاتانە بکەین چونکە تەوەرێکی زۆر گەورەترمان دەوێ وەك لەم گۆشەیە بۆیە هەوڵ دەدەم تەنها چەخت بخەمە سەرکاریگەری ئەم مادانە لەسەر هەردوو لایەنی سێکسی ودەروونی .

بێگومان برو ماوەی بەکارهێنان و پێکهاتەی مادەکە کاریگەریەکەی زۆرتر و کەمتر دەکات . کاریگەری ناراستەوخۆی هەیە لەسەر کەمبونەوەی ئاستی هەردوو هۆرمۆنی تۆپەلە هەژێن و لیوتینایزین. دەبێتە هۆی پوکانەوەی گونەکان وکەمبونەوەی ژمارەی سپێرم و زۆربوونی ژمارەی سپێرمی نائاسایی ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی توانای منداڵ خستنەوە، زیاتر لە توێژینەوەیەك ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم کۆرانکاریانە لەو وەرزشەوانانەی ئەم مادانە بەکار دێنن زیاترە وەك لە وانەی بەکاری ناهێنن.

هەندێ جار تاك دووان یان زیاتر لەم مادانە بەکاردێنێ ئەمەش ئەگەری زیانەکان زیاتر و خراپتر دەکات. یەکێکی تر لە زیانەکانی گەورەبوونی مەمك کە وەك مەمکی مێینەی لێدێت بەهۆی بەرز بوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی ئیسترۆجین ، بە شێوەیەکی گشتی ئەگەری گەڕاندنەوەی بۆ باری ئاسایی کەمە .(بێگومان گەلێ هۆکاری تریش هەیە بۆ گەورە بوونی مەمك لە نێرینەدا).

هەروەها دەبێتە هۆی ووروژاندنی ئارەزووی سێکسی و توندوتیژی و ئەگەری دەستدرێژی سێکسی لێدەکەوێتەوە سەرەرای بوونی گرفت لە رەپیووندا رەنگە خوێنەر بلێ چۆن ئارەزوو زیاد دەکات وگرفتی رەپیوون و ئەو هەموو زیانەی هەیە لێرە دەبێ بزانین ئارەزووی سێکسی و توندوتیژی پەیوەستە بە هۆرمۆنی ئەندرۆجینەوە بەلام گۆرانكاریەکانی تر لەژێر کاریگەری هۆرمۆنی تردا روودەدات .

لە مێیەندا هەمان کاریگەری هۆرمۆنی هەیە و لەئەنجامدا دەبێتە هۆی گرفت لە دروست بوونی تۆپەڵەو هێلکە و تێکچوونی سوری مانگانە ئەوەی جێی ووتنە ئەم گۆرانکاریانە زیاتر لە سەرەتای تەمەندا روودەدات وەك لە بەتەمەنەکاندا. دەبێتە هۆی ورووژاندنی ئارەزووی سێکسی و گەورەبوونی قیتکەو پەیدابوونی زیبکەو دابەزینی دەنگ و پوکانەوەی سنگ و گەورەبوونی ماسولکەکان کەوەك ماسولکەی نێرینەی لێدێت .

لە ماوەی سکپریدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەشەی کۆرپە و رەنگە درۆزنە نێرەموك رووبدات و هەندێ جار دەبێتە هۆی مردنی کۆرپە .

لە هەردوو رەگەزدا لەرووی دەروونیەوە دەشێ ببێتە هۆی توندوتیژی و تێك چوونی مەزاج ( خەمۆکی یان شادی) و نائارامی و تێك چوونی خەو و دڵەراوکێ و هەلوەسە ( واتە گوێی لە دەنگێك دەبێت یان شتێك دەبینێت کە ووجودی نیە) لێرە جێی خۆیەتی بپرسین چەندن ئەوانەی بۆ شووکردن یان رازی کردنی مێردەکانیان پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی ئەم مادانەو توشی گرفتی دەروونی بوون ( خەمۆکی ، شادی ، سایکۆسس) بۆ ماوەیەکی زۆر یان هەتا هەتایە دەرمانی چارەسەرکردنی تەنگژە دەروونییەکان دەخۆن؟

چەندن ئەو نێرانە بۆ بەهێزکردنی خۆیان دەستدرێژیان کردۆتە سەر خوشك ودایکیان لەکاتێکدا هیچیان دەست نەکەوتووە بۆ بەتاڵ کردنەوەی ئارەزووەکانیان؟

چەندن ئەوانەی بەهۆی بەکارهێنانی ئەم مادانەوە بونەتە میوانی بەندیخانەکان چونکە رەفتاری دژ بە یاسایان ئەنجام داوە؟

ئەی ئەو پزیشك و دەرمانساز و کارمەندی تەندروستیانە چەندن کە بێ ویژدانانە بۆ دوور لە مەبەستی پزیشکی ئەم دەرمانانە بۆ تاك دەنوسن ، لە پێناو برێکی کەم پارەو باش راهاتنی تاك بە ئارەزووی خۆیان نرخەکەی زیاد دەکەن و لە تاوانەکانی تاك بەشدارن بەرامبەر بە خود یان کۆمەڵ.